# ده ساڵه تۆ دەخوێنمەوە
# ده ساڵه تۆ دەنووسم

عەلی نارێنی

1



ڕێگام بده
با تاوێکیش گەنجێتی خۆم بلاوێنم
یان هیچ نەبێ
پڕ به گەرووپەك هەناسه
ئارامی بۆ ماڵی دڵم بەرمەوه
ڕێگام بده
با تاوێکیش بڕوانمه باڵای بەرزی تەمەنما
یان هیچ نەبێ
له باوەشی شیعرێکما راکشێم و...
دەستم بخەمه کوێستانی سەرمەوه
روخسەت بفەرموو
ده ساڵه وەك گەورەبوونم
دێڕ به دێڕ تۆ دەخوێنمەوه
ده ساڵه وەك نەخشی پیرۆزی ژیان
عیشقی تۆ له سەر دڵ هەڵدەکۆڵم و..
گەورەیی ئەو دەنووسمەوه

2

ڕێگام بده
با تاوێکیش پشوویەك بدەم
ده ساڵه
به خوڕ شیعرم لێدەچۆڕێ و...

باس له عیشقی تۆ ئەکەم

وەرز له دوای وەرز

خەونم چرۆ ئەکاتەوەو..

هەر چاوەڕوانی تۆ ئەکەم

3

ڕێگام بده

ئەوه منم بێ وچان

سەفەری پرچت دەنووسمەوه

نەخشه بۆ گەورەبوونی مەمکت دەکێشم

له کاکڵەی پێکەنین

تنۆك تنۆك دەچنمەوەو

بزه دەبەخشمه لێوت

ئەندازەی باڵات ئەکەم و..

هەمیشه کەمەرت دەپێوم

ئەوه منم بێ پشوو

نیگا له چاوت ئەکەم و..

که تیرێك له چاوانت دەرچوو

له گیانما دەیخەوێنم

4

ده ساڵه

هەموو پیشەیەکم به لاوه ناوه

تەنها عیشقی تۆ نەبێ

ده ساڵه

له هەموو رازێك گەیشتم

تەنها رازی چاوەکانی تۆ نەبێ

**دە ساڵە**

**تەنها وێنەی تۆ هەڵدەگرم**

**تەنها ناوی تۆ دەهێنم**

**تەنها بۆ تۆ گۆرانی ئەڵێم**

**تەنها بۆ تۆ شیعر دەخوێنمەوە**

**دەساڵە**

**هەموو کەسێکیش لەم سووتانەی من گەیشت**

**تۆ نەبێ**

5

**دە ساڵە**

**دەمەوێ تۆ بنووسمەوە**

**لە نووسینەوەی مێژوویی دەنگتەوە**

**تا دەگاتە بێدەنگیت**

**لە گریانتەوە بۆ پێکەنینت**

**لە سەماتەوە بۆ متبوونت**

**لە منالێتەوە بۆ گەورەبوونت**

**خەمت**

**رازت**

**لارو لەنجەت**

**تا دەگاتە تورەبوون و..**

**ئاشتبوونەوەو هەڵچوونت**

6

**دەساڵە**

**لە سەر لەپی تۆ**

**لە سەر عیشقی تۆ**

له سەر جوانی تۆ

بەختی خۆم تاقی دەکەمەوە

دەساڵیشە

نەمێژوو ئەم رەنجەی بۆ تۆمار کردم

نە رۆژژمێرێك لە لەپیدا هەڵیگرتم

نە گرەوی ژووانێکیشم بردەوە

7

دە ساڵە

بە نینۆکی شیعرەکانم

گرێکانی تەمەنت دەکەمەوەو...

ئاڵۆزییەکانت شی دەکەمەوە!!

فرمێسکەکانت دەسڕم و...

گریانت ژیر دەکەمەوە!!

تەنهاییت دەلاوێنم و..

خەمت دەڕەوێنمەوە!!

دە ساڵیشە

نە گڕی چاوەڕوانیم خامۆش بوو

نە خەونبینین کۆتایی هات

نە گولاڵەی خەونێکی کەسکیشم چنییەوە

8

رێگام بدە

تەمەن هێندەی تری ماوە

بگەینە کەناری هەڵوەرین

ها....بڕوانە

ئەوە منم سۆمام پڕە لە رەنگی عیشق و بێداری و..

**هەناسەم لە عەتری ئەوین**

**ئەوە منم دەستم پڕە لە سروودی ژیان و..**

**چاوم لە پەیامی زێڕین**

**دەرفەتم بەرێ عەزیزم**

**با شیعرێکیش لەم سووتانە پاراو بکەم**

**با مێژووی چاوەڕوانیم بنووسمەوە**

**خاڵ بە خاڵ و.....**

**دێڕ بە دێڕ و.....**

**هەناسە بە هەناسە و....**

**برین بە برین**